# کێشەی کورد لە چوارچێوەی چارەسەرنەبووندا دەمێنێتەوە!

سیروان کاروانی

ئەم بۆچوونە هەر هی من نییە و هەر لای منیش بەدەست ناکەوێ. من دڵنیام لای هەموو کوردێک کە لە مانای ژیان گەیشتبێ، ئەوا هەست بەبوونی خۆی و نیشتیمانەکەی دەکات و چۆن ئازادیی خۆی وەکوو تاکێک دەخوازێت و کەسایەتیی خۆی دەوێت و ئارەزوو دەکات لە ترۆپکی ببینێتەوە، ئەوهاش هی خاک و نیشتیمانەکەی خۆی دەوێت.

بڕوام وایە سیاسییەوانەکانیش بە تایبەتی ئەو کەسانەی ماوەیەک بێ بەو دارەوە هەڵگژێن، ئەو ڕاستییە دەزانن و ناوەناوەش ئەو بۆنەیان لێ دێت، بەڵام بە گوێرەی کاری سیاسییانەی خۆیان پێیان وایە دەمێک وەختی ئەو جۆرە دەربڕینانە نەهاتووە و دەمێک زلهێزەکان بەو شێوازە ڕازی نابن و دەمی واش هەیە شتی تری بۆ دەدۆزنەوە.

ئەگەر بە هەر بیانوویێک بێت و لەژێر هەر گووشارێکدا بێت، لێدوانی لەو شێوانە دەبنە بار بەسەر سیاسەتمەدارانی کوردەوە و لە داهاتوودا لەکۆڵیان نابنەوە. لاملیکردن لەگەڵ ڕاستییەکان وەک دداننەنان بە کارە سرووشتییەکان وایە.

چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای گەلی گەورەی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی عەرەبیی بەدەست دروستکراو وەک تواندنەوەی گەلێک لەناو گەلێکی تردا وایە، بەڵام ئایا لەم سەردەمەدا کە لە سایەی بەو شێوەیە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاوە بە تەنها تروووکێک هەواڵ لەمسەری جیهانەوە بەوسەری جیهان دەگات، ئەو جۆرە تەقەللایانە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن؟

ئەگەر بەزۆرەملێیی ئەوە بەسەر کوردەکاندا بسەپێنرێ، ئایا لە هەمان کاتدا دەتوانن لەژێر گووشاری کوردەکان و بۆ نموونە سیاسەتی زلهێزەکاندا بەسەر عەرەبەکانیشدا بسەپێنرێ، کە بۆ نموونە لە دراوی نوێی عێراقدا بە کوردی بنووسرێ؟ لە ئاڵای عێراقدا بوونی کوردی تێدا پێشان بدرێ؟ لە دەستووری عێراقدا کورد بەشداریی گەورەترین بڕیار بێت لەسەر ئاستی هەموو عێراق؟ وە یان لە هەموویان ئاسانتر ئەندامان و باڵیۆزانی سەر بە میرییەکی لەو شێوەیە کە کورد بن، بە زمانی خۆیان لێدوان بدەن و بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان بدوێن؟

هیچ یەکێک لەمانە لە هەناوی بیماری کەسایەتی و سەرەکتایەفە دواکەوتووەکانی عەرەب و توورکمانەکاندا نە مایەی قبووڵکردن دەبن، نە جێگای هەزمکردن دەبن. پرسیارەکەش لە سیاسییەوانەکانی کورد ئەوەیە کە ئەوان هەناوی کورد بە چی دەزانن.

هەموو ئایینەکان دوژمنی ناڕاستین. یەکێک لە خاسیەتەکانیان کە لە ڕێگای کادیری ئایینییەوە بە ئادەمیزادەکانی دەگەیەنن بۆ چاککردنی باری ژیانیان، ئەوەیە کە بە دروستی لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن و سەرنجی باوەڕ بەیەکتری دروست بکەن.

ئەگەر کەسایەتییەکانی کوردیش ڕاستی لە گەلەکەیان ناشارنەوە، ئەدی گوایە بۆ شتێک لە ناخیاندایە و دەری ناخەن. دەیان پێشمەرگەی کورد تا کاتی لەقەنارەدان، ئەو سروود و وشە پیرۆزانەی بە تەواوی باوەڕەوە لە هۆشیاندا دەبزوان، دەیانگوتنەوە. دە با کوردیش هەڵوێستیان یەکبخەن و بە یەک دەنگ داوای سەربەخۆیی نیشتیمانەکەیان بکەن کە هەرچی مرۆڤی تەواو هۆشیارە دەبێ ددانی پێدا بنێ، قیرۆسیا چی دەبێ با ببێ. دڵنیا بن نە هێرشی کیمیایی وەک نموونەی هەڵەبجە و شێخ وەسان و بادینان دووبارە دەبنەوە و نە لەشکری ئەنفال جارێکی تر سەردەردێنێتەوە.

2004.01.12